# دیموكراسیەتو ئیسلام لەچەند روانگەیەكی جیاوازەوە

نوسینی: محەمەد عابد جابری
وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: ئارام جەمال سابیر



### ١- ڕووی گشتی بابەتەکە

لای ئێمە وابــاوە کاتێــك بــاس لە(دیموکراسیەت و ئیسلام) دەکەین، زۆربەیجار قسەکانمان بەرەو یەکێك لەم دوو لایەنە ئاڕاستەدەکەین: یان ئەوەتا بۆ مەرجەعیەتەکانی ئاینی ئیسلام دەگەڕێینەوە (قورئان، فەرمودە، ژیاننامە...تاد) بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کەدیموکراسیەت لەگەڵ ئیسلامدا ناکۆك نییەو هەر هەمان ئەو شتەیە کە بە "شورا" گوزارشتی لێدەکرێت، یاخود ئەوەتا دەچینەوە سەر مەرجەعیاتە ئەوروپاییەکان بۆ ئەوەی دەریبخەین کە تێگەیشتنە ڕۆژئاواییە نوێکەی دیموکراسیەت شتێکی جیاوازە لە شورای ئیسلامی و ناوەڕۆکەکەی فراوانترو دەوڵەمەندترەو دەتوانێت باشترین گوزارشت لەپێویستییەکانی سەردەمی ئێستا بکات، هەربۆیە پێویستە، وەك ناوەڕۆك و پراکتیکیش، لەمەرجەعیەتەکەی خۆیەوە وەریبگرین.

باسکردنی بابەتەکە لەم دوو ڕوانگەیەوە شتێکی بەجێیە ئەگەر کەسەکە عەرەب و موسوڵمان بێت و مەسەلەکەش پەیوەندی بەدیالۆگێکی ناوخۆی کلتوری عەرەبی ئیسلامی هاوچەرخەوە هەبێت. بەڵام کاتێك مەسەلەکە لەسەر ئاستی "دیالۆگی کلتورەکان" دەخرێتەڕوو، وەك ئەوەی هەندێك لەنوسەرە ئەمریکایی و ئەوروپاییەکان دەیخەنەڕوو، پێشیانوایە کەئیسلام ناتوانێت بەهاکانی دیموکراسیەت لەخۆبگرێت، لەمکاتەدا، بەبۆچوونی من، پێویستە مەسەلەکە لەدیدگایەکی ترەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت" چونکە نوسەرە ڕۆژئاواییەکان لەو بانگەشەیەیاندا بۆ "ئیسلام" مەبەستیان ئایینی ئیسلام نییە وەك دەق و مەرجەعیات، چونکە ئەوان ئەوە دەزانن کەئایین و مەرجەعیاتە ئاینییەکان نابنە تەشریع بۆ دیموکراسیەت وەك سیستمێکی کۆمەڵایەتی بەڵکو ئەمانە (واتە دەق و فەرموودەو...و.ك) پەیڕەوکارانیان لەسەر کۆمەڵێك کاری چاکەو بەهادار هاندەدەن کەهەندێکیان دەچێتە خانەی دیموکراسیەتیشەوە، هەروەها ئەوان مەبەستیان لەمێژووی ئیسلام و ئەزموونی شارستانێتی عەرەبی ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاستیش نییە، چونکە ئەوەش دەزانن کە لەو دەمەدا دیموکراسیەت، بەواتا هاوچەرخەکەی، لەهیچ وڵاتێکی پێش سەردەمی مۆدێرنەدا نەبووە... بەڵکو ئەوەی لەزۆربەی ئەم بانگەشەیەیاندا مەبەستیانە: واقیعی عەرەبی و ئیسلامییە لەدەمی ئێستادا. کاتێك ئەوانە دەڵێن نەبوونی دیموکراسیەت لەجیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەئیسلام "ئیسلام" بەها دیموکراتییەکانی ڕۆژئاوا پەسەند ناکات، ئەوەیان زۆر بەلاوە گرنگ نییە یان لانیکەم لەو بانگەشەیەیاندا نەمەبەستیان لەدەقە ئیسلامییەکانەو نە ڕووداوەکانی مێژووی ئیسلامیش، بەڵکو ئەوەی جێگەی بیرکردنەوەیانە ئەو شتەیە کەئەمڕۆ لەجیهانی

عەرەبی ئیسلامیدا دەگوزەرێت، واتە سیستمە سیاسییە نادیموکراسییەکانە.

راستە کە جیهانی عەرەب و ئیسلام، بەهەموو دەوڵەت و فرەیی میللەتانییەوە، بێبەرییە لەهەر ئەزموونێکی دیموکراسی وەها کەبگوترێت گەیشتۆتە ئاستی ئەزموونەکانی دیموکراسی لەرۆژئاوادا. بەڵام ئەو بۆچوونەشی کەپێیوایە "ئیسلام" بەرپرسە لەنەبوونی دیموکراسیەت، ئەویش قسە زۆر هەڵدەگرێت. راستە ئیسلام لەواقیعی عەرەبی و ئیسلامیدا ئامادەگی هەیەو ناکرێت بشاردرێتەوە، واتە: ئیسلام وەك میراتێکی ژیاریی و کۆگەیەکی سایکۆلۆژی و جیهانبینییەك وایە بۆ دنیا (کەئەمانە شتگەلێکن راڤەکردن و تەئویل دروستیان دەکات)، بەڵام "ئیسلام" لەم واتایەیدا ناکاتە ئەوەی کەتاکە رەگەزی چالاك بێت هەرچەندە بایەخ و کێشی خۆشی هەیە، بەڵکو چەند رەگەزێکی تریش هەن پێویستە نیشانبدرێن.

کەواتە وەڵامدانەوەی نوسەرانی رۆژئاوایی لەچوارچێوەی "دیالۆگی کلتورەکان"دا کارێکی گونجاو بەکەڵك نابێت ئەگەر ئێمە خۆمان بخەینە حاڵەتی بەرگرییەوە، واتە ئێمە تەنها بمانەوێت ئەوە بسەلمێنین کەشورای ئیسلامی دیموکراسیەتە و، ئیسلامیش وەك ئایین ناکۆك نییە لەگەڵ بەها دیموکراسییەکاندا، خۆ ئەوانیش پێ لەمە دەنێن یان لانیکەم لەتەکماندا رێدەکەن. وەك گوتمان ئەوەی دوژمنایەتی دەخاتەوە ئەوە نییە لەتێگەیشتنێکی دیاریکراوەوە نەهاتبێت، یان هەر هیچ لەدەقە ئاینییەکان تێنەگەیشتبێت، یاخود لەوەی کەهیچ زانیارییەکی ئەوتۆی لەبارەی مێژوومانەوە نەبێت، بەڵکو دوژمنایەتییەکە لە "واقیعی حاڵ"ەوەیە، ئەو واقیعەی کەئەمڕۆ لەوڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا ئامادەگی هەیە.

ئەو "تێڕوانینە جیاواز"ەی کەئێمە لێرەدا دەیخەینەڕوو، لەهەمان روانگەی ئەوانەوەیە کەئەو جۆرە بۆچوونانەیان بۆ هەردوو جیهانی عەرەب و ئیسلامی هەیەو پێیانوایە کەدیموکراسیەت وەك سیستمێکی فەرمانڕەوایی و بەهاگەلێکی کۆمەڵایەتی و کەلتوری لەم واقیعەدا نائامادەو بزرەو لەو بارەیەشەوە دەڵێین:



هیچ گومان لەوەدا نییە کەدیموکراسی و ئازادییە گشتییەکان وەك دوو داخوازی هێشتا لەوڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا – تاڕادەیەك هەمووشیان– بەو شێوەیە بەدینەهاتوون تا میللەتانی ئەم جیهانە بتوانن مومارەسەی مافەکانی خۆیان بکەن، ئەویش بەوەی بیروڕاکانی خۆیان دەربڕن و فەرمانڕەواکانیان هەڵبژێرن و چاودێرییان بکەن و دەستیان پێلەکار بکێشنەوە، یان تەنانەت ئەگەر پێویستی کرد دادگاییشیان

بکەن. بەڵام ئەم حاڵەتە تەنها تایبەت نییە بەجیهانی ئیسلامەوە، بەڵکو زۆربەی وڵاتانی "جیهانی سێهەم"- ئەگەر هەمووشیان وانەبن- ئەوا بەشێوەی جیاواز هەروان، کتومت وەك ئەوەن کە لەوڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا هەیە، لەوانەش وڵاتانی ئەمریکای باشوور کەزۆربەی خەڵکەکەی مەسیحین، یان وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا کەزۆربەیان سەر بەئاییینی بوزی یان هەر ئاینێکی تری زەمینین. زۆربەی ئەم وڵاتانە هێشتا بەدەست نەبوونی دیموکراتیو ئازادییە گشتییەکانەوە دەناڵێننو تەنانەت هەندێکیان ناوبانگیان بەدیکتاتۆریش دەرکردووە. یان دەکرێت بازنەی تێڕوانینەکەمان فراوانتر بکەینو ناوی ئەو وڵاتە ئەوروپاییانەش بهێنین کە هەتا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیش شتێك لەلایان نەبووە بەناوی دیموکراسیەتو ئازادییە گشتییەکانەوە، وەك ئیسپانیای سەردەمی فرانکۆو پورتوگالی سەردەمی سلزارو یۆنان لەقۆناغی حوکمڕانێتی عەسکەرتاریەتداو ئیتالیای سەروبەندی فاشیزمو ئەڵمانیای نازیزم.

ئەم بۆچوونە چەند پرسیارێکمان بۆ قووتدەکاتەوە، لەوانەش: بۆچی وەختێك باس دێتە سەر نەبوونی دیموکراسیەت تەنها باسی جیهانی ئیسلامی دەکرێت؟ یاخود ئایا دەکرێت بەیەك چاو سەیری هەموو جیهانی ئیسلامی بکرێتو نەبوونی دیموکراسیەتیش تەنها بەچەند هۆکارێك لێکبدرێتەوەو بۆ هەموو وڵاتەکانیش هەر ئەو هۆکارانە بن؟ دوا پرسیاریشم ئەوەیە کە لەچییەوە ئەم نەبوونی دیموکراسییەتە بەسەر جیهانی ئیسلامیدا دابڕاوەو تایبەتکراوە بەوەوە، ئایا لەو خەڵکەیەوەیە کەبەدەست نەبوونی دیموکراسیەتەوە دەناڵێنن، یاخود مەسەلەکە پەیوەندی بەو وەسفەوە هەیە کە لە "دەرەوە"وە بەسەریدا دابڕاوە، جا بۆیە لێرەدا پێویستە ئەو پاڵنەرو دیدگایانە بخەینە بەر پشکنین کە لەپشت ئەو "دەرەوە"یەدا هەن؟

کەواتە لێرەداو، لەم بابەتەدا، چ شتێك گشتییەو چ شتێکیش تایبەتە. هەرچی گشتییە بریتییە لە"نەبوونی دیموکراسیەتو ئازادییە گشتییەکان" لەو وڵاتانەی دەستەواژەی "جیهانی سێهەم"و "باشوور" یان ناوی تری لەو جۆرە کۆیان دەکاتەوە. ئەوەی تایبەتیشە رەنگە وڵاتانی جیهانی ئیسلام بەو چەند فاکتەرو هۆکارە بەشداری تێدا بکەنو تایبەت بێت بەوان کەراڤەی ئەو "نەبوونی"یە دەکات. دەکرێت ئەوەی لەناو ئەو تایبەتەدایە پێیبگوترێت "تایبەتی تایبەت"، لەمەدا مەبەستم لەرەوشی هەر وڵاتێکی ئیسلامییە بۆ خۆیو، ئەو فاکتەرو هۆکارەشی کەرەنگە تایبەت بێت پێیەوە دەشێت بەبەرپرسی بزانین لەو دیاردەیەی کە باسی لێوە دەکەین. بۆ نموونە نەبوونی دیموکراسیەت لەوڵاتێکی وەك جەزائیردا بۆ هەمان ئەو هۆکارە راستەوخۆیانە ناگەڕێتەوە - کە پابەندی هەیە بەتایبەتو

تایبــەتی تایبــەت- كــەدەكرێت هــەمان ئــەو دیاردەیــەی پــێ لێكبدەینــەوە لــەمۆریتانیا یــان مــەغریب یــان تــونس یــان ئــەم دەوڵــەت و ئــەو دەوڵــەتی مەشــریقی عــەرەبی. هــەمان شــت بــۆ هــەموو دەوڵــەتانی تــری عــەرەبی و ئیســلامیش راستە.

پێویســـتە ســـێ ئاســـتی شـــیكاری ئەنجامبدەین پێش ئەوەی بەر وەڵامی پرسیارە ســەرەكییەكەی بابەتەكــەمان بكــەوین: بۆچــی دیموكراســیەت لــەوڵاتانی جیهــانی ئیســلامدا ونبووەو وندەبێت؟

با بەئاستی گشتی دەستپێبكەین، واتە "نـــــەبوونی دیموكراســــیەت و ئازادییـــــە گشــتییەكان" لــەو وڵاتانــەی پێیانــدەگوترێت "جیهانی سێهەم"، كەبەبۆچوونی من ئەمە ئەو روانگەیەیــە كــەدەبێت پــێش هــەر شــتێك لێــوەی بجوڵێین.

جیهـــانی ســـێهەم وەك دەســـتەواژە كاتێك دانرا كەجیهان بەسەر دوو جەمسەردا دابەشبوو: رۆژئاوای سەرمایەداری لەلایەك و بلــۆكی كۆمۆنیســتی لەلایــەكی تــرەوە، ئەمــە نـــاوێكی تایبەتـــە بـــەقۆناغی جـــەنگی ســاردەوەو، ئەوەشــی پێیجیادەكرێتــەوەو دیــارە كێبڕكێــی نێــوان ئــەو دوو جەمســەرەیە لەســەر "جیهــانی ســێهەم". هــەر جەمســەرەو لەپێناو بەرژەوەنــدی هۆیــدا ئــامرازی تایبــەت بــــەخۆی بـــەكارهێنا بـــۆ كاركردنـــە ســـەر "جیهانی سێهەم"، كەئەویش تەنها بۆ یــەك مەبەســـــت بـــــوو كـــــەبریتی بـــــوو لەشوێنخۆخستن و بێلایەنكردنی ئەم وڵات و ئەو وڵاتیــان. رۆژئاوا زۆربــەی جار شێوازی كودەتــای ســەربازی و دامەزرانــدنی رژێمــی دیكتـــاتۆری لەچـــەند وڵاتێكـــی "جیهـــانی ســـێهەم"دا گرتەبــەر وەك ئــەو سیســتمانەی لەئــەمریكای لاتینــی و ئاســیاو ئەفــەریقیادا پەیوەندییەكی ئاشكرا یان نهێنییان لەگەڵیدا هەبوو هێزو بوونی خۆی لەوەوە وەردەگرت. ئەوەشـــی ببـــووە قوربـــانی دیموكراتیـــەت و ئازادییــە گشــتییەكان بــوو، جــا چ پێشــتر لەفۆرمێكــدا هــەبووبێت یــاخود تــەنها لەســەر شێوەی ئیمكانیــەت و پــرۆژە هــەبووە. بــەڵام هەرچــی لایەنەكــەی تــری شــەڕی ســاردە، لەسەروشـــیانەوە یـــەكێتی ســـۆڤێت، بـــۆ بەدەســـتهێنانی چـــەند پێگەیـــەك لـــەناو "جیهـــانی ســـێهەم"دا شـــێوازێكی تـــری گرتەبــەر، كەئــەویش خــۆی لەدروســتكردنی پارتە كۆمۆنیستەكاندا یان لەپشتگیریكردنی ئەوانـــەدا بینییـــەوە كەهـــەبوون، لەگـــەڵ تـــــەرویجكردن بـــــۆ ئایـــــدیۆلۆژیای "دیكتاتۆریــەتی پرۆلیتاریــا" و رەخنــەگرتن لەدیموكراتیەتی بۆرژوازی و تانەو تەشەردان لێی. رەنگە هەموومان ئەوەمان لەیاد بێت كە ســـی ســـاڵێك لەمەوبـــەر شـــكۆو رێـــزی

"دیموکراسیەت و ئازادییە گشتییەکان" لەناو جیهانی سێهەم و لەوێشدا لەناو جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا چەندێك خراپ بوو.

لەپاڵ ئەو دیکتاتۆرانەی لەلایەن بلۆکی رۆژئاواوە دەجولان لەگەڵ ئەو پارت و رژێمانەی لەلایەن سۆڤێتەوە رکێفکرابوون، چەند رژێمێکی فەرمانڕەوای نیشتمانیش هەبوون هەوڵیاندەدا بۆ دواخستنی دیموکراسیەت و هەڵپەساردنی بەپاساوی ئەوەی کەپشتبەستن بەلیبرالیزم لەژیانی سیاسیدا دەرگا لەبەردەم بەکرێگیراوی دەکاتەوە بۆ هەردوو لایەنی کێبڕکێکەر، کەئەمەش خیانەتە لەبەرژەوەندی نیشتمان و دوژی نەتەوەیی.

کەواتە دەتوانین بڵێین کە "شەڕی سارد" تا رادەیەکی زۆر بەرپرسیارە بەرامبەر نەبوونی دیموکراسیەت لەسەرتاپای جیهانی سێهەمدا، لەکاتێکدا پێش کۆتاییهاتنی شەڕی سارد زۆرینەی وڵاتانی جیهانی سێهەم بەدەست حوکمڕانێتی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی کۆلۆنیالیزمەوە دەیانناڵاند، بەردەر لە هیندستان کە دیموکراسیەتی تێدا بەرقەرار بوو بەبێ ئەوەی کۆلۆنیالیستی ئینگلیزی لەدژی بوەستێت، ئەویش مەبەستی خۆی هەیە، ئیدی زۆربەی زۆری وڵاتە داگیرکراوەکانی تر کەوتنە ژێر باری جۆرێك لەکۆلۆنیالیزمی ئاسانکراو (پاراستن، ماندێت)، کەرێگەی نەدان ژیانێکی سیاسی ئەوتۆ پیادە بکەن کە لەسەر بنەمای دیموکراسیەت و ئازادییە گشتییەکان دامەزرابێت. حوکمڕانێتی کۆلۆنیالیستی رێکەوڕاست بەپێچەوانەی ئەوەوەیە، چونکە تەنانەت ئەو وڵاتانەشی ئەگەر داگیرکەر ویستبێتی جۆرێك لەژیانی "دەستوری دیموکراسی" تێدا دابمەزرێنێت، ئامانجی لەوە خودی دیموکراسیەت نەبووە ئەوەندەی ویستویەتی بەرگی "شەرعیەتێکی دیموکراتی" ساختە بکاتە بەر داگیرکارییەکەی، واتە داگیرکراوان بکاتە هاوڵاتیان! کەئەمەش لەزۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەمدا لەلایەن بزووتنەوەکانی رزگاری نیشتمانییەوە دژایەتی کرا، کەواتە لەراستیدا "دواخستنی دیموکراسیەت" رەفزکردنەوەی ئەوە بوو کە کەسی نیشتەجێبوو بکرێتە هاوڵاتی.

***سەرچاوە:***

ئەنتەرنێت سایتی "عراق الغد"